### لە جیاوازیەکانی نێوان

# بانگەوازی ئەهلی سوننە

# و

# بانگەوازی گروپە داهێنراوەکان

وەرگێڕانی ( باوکی عزام )

(١) مێژووی بانگەوازی ئەهلی سوننە کۆنە، چونکە سەرەتای بانگەوازەکەیەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆژگارەی کە پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵەکانی تێیدا بوون (خوایان لێ ڕازی بێت ) ، وەهەر کەسێکیش شوێن ڕێنمایی ئەوان کەوتووە لە دوای ئەوان ، بەڵام غەیری ئەهلی سوننە بانگەوازەکانیان بە دروست بوونی ڕابەرو کارگێڕەکانیانەوە دەست پێ دەکات، وە هەندێکیان بە زوبانی حاڵ و گوفتار ، وا بۆ ڕێنماییەکەی پێغەمبەر (ﷺ)- کە باشترین ڕێنماییە- دەڕوانن کە نابێت لەم ڕۆژگارەدا لەسەر ئەو ڕێنماییە ڕاوێست بین، ! لەگەڵ ئەوەشدا کە کۆتایی ئەم نەتەوەی ئیسلامییە چاك نابێت بەوە نەبێت کە سەرەتاکەی پێ چاك بووە .

(٢) ڕێبازی ئەهلی سوننە: هەمووی هەقە- چونکە ئیسلام بریتییە لەو- وە هەڵەو (ناتەواوی ) تەنها لەتاکەکانی ئەهلی سوننەدایە، ئەگینا هەموویان کۆنابن لەسەر گومڕاییەك. بەڵام ڕێبازی شوێن کەوتوانی داهێنراوو حیزبەکانی سەردەم، ناگونجێت لە هەموو ڕووەکانەوە ڕاست بن، بەڵکو بەئەندازەی نزیکییان لە سوننەت لەسەر هەقن، وە بەئەندازەی دووریان لە سوننەت لەسەر ناهەقن. خۆئەگەر شوێن کەوتوانی هەر حیزبێك دەست بگرن بە هەموو بنچینەکانی حیزبەکەیانەوە، ئەوە بەندایەتی ڕاستەقینەیان بەدەست نەهێناوە بۆ خوای بەدیهێنەری هەردوو

جیهانیان، بە پێچەوانەی ئەهلی سوننەوە کە هەق مەزهەبیانە و سوننەت شیعارو ڕێڕەویانە، بەلاّم غەیری ئەوان ڕێبازو بەرنامەکەیان پارێزراو نییە (لەهەڵە و شتی نابەجێ)، وەکۆبونەوەیان لەسەر ئەو ناهەقە، نابێتە بەڵگە (لەسەر ڕاستێتی ڕێبازەکە).

(٣) ئەهلی سوننە: خەڵکی هان دەدەن بۆ شوێن کەوتنی زانایان بە بەڵگەی شەرعی یەوە، وەلەباسەکانی ئیجتیهاددا کە بەڵگەکانی دژوارن و حوکمەکەی نادیار دەبێت لای خوێنەر، دەگەڕێنەوە بۆلای زانایان، وەباوەڕیان وایە کە ئیجتیهادی زانایان لە ئیجتیهادی خۆیان باشترە، وەئەگەر قوتابیەکیش پێچەوانەی مامۆستاکەی بێت لە شتێکدا لەبەر هەر بەڵگەیەك بێت، ئەوە ئەو قوتابییە داوای بەزەیی‌و لێخۆش بوون بۆ مامۆستاکەی دەکات (لەو هەڵەیەی کە کردویەتی)، بە پێچەوانەی غەیری ئەهلی سوننە. چونکە ئەمانە ناگەڕێنەوە بۆ لای زانایان، بەڵکو دەگەڕێنەوە بۆلای لێپرسراوو ئەمیری حیزبەکەیان، وەتانە دەدەن لە زانایان و، بە بەکرێ گیراوو ترسنۆك وباوەش بەدنیا کردوویان ناو دەبەن، خۆ ئەگەر (جار جاریش ) فتوای زانایان وەربگرن، تەنها ئەوەندەی لێ وەر دەگرن کە خزمەتی بیرو بۆچونەکەی خۆیان بکات، لەو کاتانەدا بەشانیاندا هەڵ دەدەن و(دەوریان دەدەن) بەلاّم ئەوانە تەنها لەکاتی پێویستیاندا مامۆستایانن و بەس [١]. ئەگینا ئەم زانایە بە لای

---

[١] – بەڵێ، زۆربەی نوسەرو لیژنە فەتواکانی ئەمڕۆ، کە نوسینێك دەنوسن،بۆ ئەوەی ڕەواج بە نوسراوەکەیان بدەن و متمانەی پێ پەیدا بکەن لە لای خەڵکی،دەچن فەتوای زانا بەڕێزو ناودارەکانی ئەم سەردەمەی تێکەڵ دەکەن، وەك فەتواکانی (بن باز وابن عثيمين وصالح الفوزان وئەلبانی)..وهتد . وە بۆ تەخریج کردنی حەدیسەکان تەخریجی ئەلبانی دەخەنە سەر،بەلاّم لەو لاشەوە هەر هەمان نوسەرو هەمان دانەرن، چەندین تانەو تۆمەی ناشرین دەدەنە پاڵ ئەم زانا بەڕێزانە و بە بەکرێ گیراوو کار بەدەستی حاکمەکانی خلیج ناویان دەبەن، یان بەڕۆژنامەو نامیلکە لە دژی ئەلبانی دەنوسن کە گوایا لە خۆوە فەرمودە بە(صحيح) و لاواز دادەنێت !!. وە شوێن کەوتوانی قورئان و فەرموودە بە دەمار گیر ناو دەبەن و دەڵێن پێشینیەکانیش (سەلەفیەکان)، هەر وەك مەزهەبیەکانن لەوەرگرتنی حەدیسدا، هەرچی ئەلبانی بڵێت (صحيح)ە بە (صحيحی) دەزانن و ئەوەی ئەلبانیش بڵێت لاوازە بە لاوازی دەزانن... . ئێمەش لەوەلاّمدا دەڵێین: بەڕێزان، ئێمە دەمار گیریمان بۆ هیچ کەس نییە بێجگە لە پێغەمبەر (ﷺ)، تەنها لەڕاستیدا نەبێت، وەهەر کەسێکیش ڕاست بوو، بە شانازیەوەخۆمان بەقوتابیەکی حوجرەکەی دەزانین، وەزانایەکی وەکو ئەلبانی لە بواری خۆیدا، دۆست و دوژمن هەموو شایەتیان بۆ داوە کە یەکە پیاوێکە لەو دەریایەدا مەلە بکات= ئیتر هەرکەسێك تانەی لێ بدات و بیەوێت لە ڕێزی کەم بکاتەوە و گومانی لەسەر دروست بکات،ئەوە تەنها لەڕووی حەسودی‌و دڵ نەخۆشییەتی،وەنەك ڕۆژنامەیەك بەڵکو ئەگەر پەڕەی سەدان ڕۆژنامەی تریشی پێ ڕەش بکەن، تەنها سووکی وشەرمەزاری بۆ نوسەرەکەی دەمێنێتەوە وپلە بەرزی‌و زانایەتی ئەو دەردەخات، هەروەك شاعیر دەڵێت

ئەوانەوە،نەزانن بە ڕووداوو بارو دۆخی نەتەوەی ئیسلام و،کار بەدەستان بەکاریان دەهێنن بۆفتواداان بە شێوەیەك ،کەخزمەتیان بکات،وەك چۆن گەورەیەك خزمەتکارەکەی خۆی بەکار دەهێنێت. ﴿كَبُرَتْ كَلِمَةً تَخْرُجُ مِنْ أَفْوَاهِهِمْ إِنْ يَقُولُونَ إِلَّا كَذِبًا﴾[٢] واتە:(بەڕاستی قسەیەکی گەورەو قورسە لە دەمیان هردەچێت ، وە بێجگە لە درۆ هیچ شتێکی ترنییە ).

(٤) ئەهلی سوننە : دورترینی خەڵکین لەئاشوبەوە، بۆیە بانگەوازی ئەهلی سوننە لە کاتی ئاشوبەدا لاواز دەبێت،بەلاّم غەیری ئەهلی سوننە بانگەواز کاری ئاشوبەن، خۆ ئەگەر هەندێکیشیان بانگەوازکار نەبن بۆ ئاشوبە، ئەوە ڕێبازە کەیان خاکێکی بەپیتە بۆ چاندنی ئاشوبە تیایدا- ئیتر ئەمە بزانن یان نەیزانن- وە لەبەرئەوەی بانگەوازی ئەهلی سوننە ڕوون و ئاشکریە،تەنها لەکەشی ڕوونی و هێمنیدا گەشە دەکات. وە غەیری ئەوان لەکەشی پڕ تۆزو ئاوی لێڵدا حەز بەڕاوکردن دەکەن، وە خۆ هەڵدەواسن بەشانی ڕووداوەکاندا، بەڵکو ئەوەی مەبەستیانە بەدەستی بهێنن.

(٥) ئەهلی سوننە : گرنگی دەدن بە دروست کردنی بنچینەیەکی پتەو، لەسەر بیرو باوەڕێکی ڕاست و بەردەوام بوون لە سەر فەرمانەکانی خوا، بەئاشکراو نهێنی، وە هەوڵیستیان بەرامبەر ئادەمیزاد، لەو ڕووانگەیەوەیە، کە هەموویان پێویستیان بە بانگەوازی هەق هەیە، تا خوای گەورە بەهۆیەوە بارو دۆخیان بۆ چاك بکات، بۆیە بە باشترین شێواز ئامۆژگاری نەتەوەکەیان دەکەن، وە بەجێ هێنانی مافەکانی خواو مافی کاربەردەستەکانیان یاد دەخەنەوە ، وە ڕقیان لەو کەسە دەبێتەوە سەرپێچی فەرمانی خوا بکات، لە خۆیان بێ یان لە غەیری خۆیان. وەئەمانە فێڵ لە کاربەدەستە موسوڵمانە کانیان ناکەن، هەر چەندە ستەم کاریش بن!، بە پێچەوانەی ئەهلی بیدعە، کە هیچ

---

إذا أتتك مذمتي من ناقص

فهي الشهادة لي بأني كامل

وەسوننەتی خوای گەورەیە کەزمانی حەسود دەخاتە گەڕ بۆ دەر خستنی گەورەیی و ڕێزی کەسێك کە شاراوەبێت ، وەك شاعیر دەڵێت :

إذا أراد الله نشر فضيلة طويت

أتاح لها لسان الحسود

[٢] (الكهف: من الآية٥)

گرنگی‌یەك بە بانگەواز کردن بۆ بیرو باوەڕی ڕاست و، زیندو کردنەوەی سوننەت و مراندنی داهێنراوەکان نادەن، بەڵکو هەموو هەوڵو خەمێکیان تەنها ئەوەیە کەی دەستیان بگات بەکورسی‌و سەرۆکایەتی، هەر چەندە کۆمەڵگاکانیش پڕبن لە هاوبەش پەیدا کردنی ڕاشکاو و بێ بڕوایی تەواو. چونکە ئەمانە پێیان وایە ئێستا وەختی بانگەواز کردن نی‌یە بۆ ئەم شتانە، خۆ ئەگەر بێ دەسەلات بوون لەبەدی هێنانی مەبەستەکەیان، ئەوە لێرەو لەوێ ئاگری ئاشووبە هەڵدەگیرسێنن، جارێك بەزەنگی تەقاندنەوەو، جارێك بەئاروژاندنی خەڵکی بە خۆپیشاندان وە سەرەنجامیش (ظلمات بعضها فوق بعض)[3] هەرچەندە ئەمەلای هەندێك بەنیەتێکی پاکەوەیە، بەلام (ئەو نیەت پاکی‌یە) برسی قەڵەوو بێ ئیحتیاج ناکات (لا يسمن وليغني من جوع) .
والله المستعان .

(٦) ئەهلی سوننە : بانگەواز دەکەن بۆ شوێن کەوتنی (پێغەمبەرو هاوەڵانی)و کۆبونەوە لەسەری، بۆیە پێیان دەوترێت (ئەهلی سوننەو جەماعە)، بەلام غەیری ئەوان بانگەواز دەکەن بۆ کۆمەڵ بوون ئەگەر لەسەر غەیری سوننەتیش بێت، ئیتر گۆڕ پەست و ڕافزی و خەوارجی وەغەیری ئەمانەش لەسەر بیرو بۆچونی خۆیان دەمێننەوە، با چەند ساڵێکیش لەو بانگەوازەدا بمێننەوە، مادام ژمارەیان زیاد دەکات! ئەو بەلای ئەوانەوە – ئەوەی لەسەر یەتی بەجێی هێناوە ( کەزیاد کردنی ژمارەیە)، وە لەبەرامبەر ئەمانەشدا کۆمەڵێك گرنگی دەدەن بەباسی بێ ڕوانینە حاڵی خەڵکی[4] – هەرچەندە نەتەوەش بەش بەشی‌و جیا جیایی تێ بکەوێت، بەلام ڕاستی نێوەندە لە نێوان هەردوولادا .

(٧) ئەهلی سوننە: خەڵکی پابەند دەکەن بەبەڵگەی شەرعی‌و، تێگەیشتنی زانایان بۆ ئەو بەڵگە شەرعییانە. بەلام

---

[3]–(النور/٤٠) واتە : (چەند تاریکاییەکە هەندێکی لەسەروو هەندێکی یەوەیەتی ).

[4]واتە کەسانێکن کە بەشێوازی گشتی حوکمی توندو تیژ دەدەن بەسەر خەڵکیدا بە تەکفیر کردن و ناو بردنیان بە هاوبەش پەیداکەر و فاسق و دووڕوو تەنها بەوەی ووتەیەکی نا دروست لەدەمی دەرچووە،یان لەگەڵ کەسانێکدا بینراوە کە شوێن بەرنامەی غەیری ئیسلام کەوتوون. بەلام لە ڕاستیدا پێویستە لەحاڵ و بار ودۆخی خەڵکی وورد ببینەوەو بە ئاستی گەیشتن و پێ نەگەیشتنی زانیاری هەڵیان سەنگێنین ئەوسا حوکم بدەین، بۆ ئەوەی نەکەوینە هەڵەوەو خەڵکیش بەهەڵەدا نەبەین .

غەیری ئەوان، خەڵکی دەبەستنەوە بە بەیعەت و پەیمان،خۆ ئەوانەی بەیعەتیان دا ئەگەر بیانەوێت ڕێبازەکەیان ڕاست بکەنەوەو پەیوەست بن بە ڕێبازی پێشینەوە، ئەوە هەڕەشەیان لێ دەکەن بەو حوکمانەی پەیوەستن بەپەیمان شکێن و بەیعەت هەڵوەشێنەرەوەو، ئەمەش دوای ئەوەی قەناعەتیان پێ کردوون بەوەی کە(من مات و ليس في عنقه بيعة مات ميتة جاهلية)[٥] لەگەڵ ئەوەشدا کەمەبەست بەم فەرموودەیە، بەیعەت کردنە بەو کەسەی خوای گەورە کردبێتیە سەرپەرشتیارو بەڕێوەبەری کاروباری موسوڵمانان و، موسوڵمانان هەموو کۆبن لەسەری، وەك ئیمام أحمد بەم شێوەیە واتای کردووە٠

(٨) ئەهلی سوننە : لە یاسا شەرعیەکانەوە دەردەچن و ڕێگە دەگرنە بەر، وە مافی ئەوە نادەن بەخۆیان دەست خەنە ناو دەرونی خەڵکیەوە، بەڵکو بەپێی ڕووکەش ڕەفتار لەگەڵ خەڵکیدا دەکەن- لەگەڵ حەزەر کردندا بەپێی پێویست- وەنهێنیەکان دەگێڕنەوە بۆلای خوای بەتواناو دەستەلات، بەڵام غەیری ئەوان لەسۆزە هەڵچووەکانەوە دەردەچن و، دەست دەخەنە ناو نهێنی و دەروونی خەڵکیەوە، وەچەندین ئیحتیمالات بۆ

---

[٥] شرح صحيح مسلم (٤٨٢/١٤) كتاب الأمانة ژمارە (١٨٥١) .واتە : (هەرکەسێك بمرێت و بەیعەتی لەگەردندا نەبێت، بەپێشەواو بەڕێوەبەری موسوڵمانان، ئەوە وەك مردنی نەفامی دەمرێت. واتە وەك چۆن نەفامەکان بەیعەت دانیان نەبووەو بەگەڕەلاوژێ و بێ سەرو بەرە کاریان بەڕێوە بردووە، ئەوە ئەوموسوڵمانەش چونکە بەیعەتی بەخەلیفە نەداوە، لەم ڕووەوە وەك ئەوان وایە ٠)

جا ئەم فەرموودەیەو چەند فەرموودەیەکی تری (صحيح) کەلەباری بەیعەت دان بەخەلیفەی موسوڵمانانەوە هاتوون، ئەهلی داهێنراوو حیزبە کان دەچن چاوبەستی لەخەڵکی پێ دەکەن و، وا بۆیان لێك دەدەنەوە کەئەم فەرموودانە تایبەت نین بەخەلیفەو پێشەوای گشتی موسوڵمانانەوە، بەڵکو ئەمە ئەمیرە مەحەلیە کانیش دەگرێتەوە، وەهەموو یەکێ لەو حیزبانە خۆی بەو پێشەوایە دەزانێت کە پێویستە بەیعەتی پێ بکرێت و،هەرکەسێك ئەو بەیعەتەی پێ نەدات، ئەوا وەك مردنی نەفامی دەمرێت، بەڵام لەڕاستیدا ئەمە زۆر دوورە لەڕاستیو، تەنها خەڵکی پێ چەواشە دەکرێت، چونکە زانیان و ئیمامەکان زۆر لەسەر ئەم فەرمودانە دواون و دەفەرموون ئەمە تایبەتە بەخەلیفەو پێشەوای موسوڵمانەوە و، دەبێت موسوڵمانان هەموو کۆبن لەسەری، لەوانە (ئیمام احمد)-ڕەحمەتی خوای لێ بێت-کەلەبارەی ئەم فەرمودانەوە پرسیاری لێ کراو، ئەویش وەڵامی داوەتەوە فەرمویەتی: ( ئەزانیت ئیمام کێیە ؟، ئەو کەسەیە کە موسوڵمانان هەموو کۆبن لەسەریو هەموو یەکێ لەوان بڵێت: ئەمە پێشەوامە ،ئەوە واتای ئیمامە)وە هەروەها ئیمامی (قرطبي) دەفەرموێت : (بوونی دوو ئیمام یان سیان لەیەك ڕۆژگاردا لە وولاتێکدا، بە کۆی زانایان دروست نیيە).

وەهەروەها ئەوەی زیاتر پوچی و نادروستی ئەم بەیعەت دانەی ئەمڕۆ دەردەخات ئەوەیە، کە زانایان هەموو بەمەرجیان داناوە بۆ بەیعەت دان، کە (ئەهلی زانست و کێشە ڕەوێن، هەموو کۆبن لەسەری و، ئەو پێشەوایەتیيە بدەن بە کەسێك کە مەرجەکانی پێشەوایەتی تیادا کۆببێتەوە)٠ بۆ زیاتر ئاگادر بوون بەسەر ئەم باسەدا بڕوانە کتێبی(البيعة بين السنة والبدعة )٠

قسەی خەڵکی دادەنێن و، مانای قسەی خەڵکی دەکەن کەهەر بەلاشیا ناچێت .

(٩) ئەهلی سوننە : ئامۆژگاری وەردەگرن بەبەڵگەوە- ئەگەر لەکەسێکیشەوە بێت لە دژوارەکانیان- بەلاّم غەیری ئەوان ئامۆژگاری بەجوێن دەزانن بۆ زانایان، بەڵکو بەتانەو شۆرەت دان و بەهەڵەی دادەنێن. وەچاکترین حاڵیان ئەوەیە کەبەرپەرچی ئامۆژگاریەکە دەدەنەوە بەبیانوی ئەوەی کەئەمە ڕەخنەیەکی دروست کەرنییە، وە ڕاستی وون بووی بڕواداره لە هەر کوێ دۆزیەوە هەڵی دەگرێتەوە .

(١٠) ئەهلی سوننە : ئەگەر جیاوازیشیان تێ بکەوێت لە تێگەیشتنیاندا بۆ دەقەکان- یەکتر قێزەوون ناکەن-، بەلاّم غەیری ئەوان یەکتر خراپ و ڕەش دەکەن لەلای خەڵکی وەك خراپی و شوومی قەلەڕەشە ، وە زۆر جار ڕقیش پەیدا دەکەن لەسەر یەکتری، بەڵکو زۆرجار پاشینەکان نەفرەت لەپێشووەکانیان دەکەن .

(١١) ئەهلی سوننە : خۆیان بەدوور دەگرن لە خۆچواندن بەهاوبەش پەیدا کەرانەوە لە هەموو شتێکدا- لەو شتانەی لە تایبەتمەندییەکانیان- بەلاّم غەیری ئەوان لەوانەیە ئەمە بەتوندوتیژی دابنێن ، یان دەڵێن ئەمە خۆخەریك کردنە بەتوێکڵەوە

(١٢) ئەهلی سوننە: هەموو بەشەکانی دین وەردەگرن- بەپێی توانای شەرعی — وەناچن سوننەتێك واز لێ بهێنن لەبەر واجبێك، چ جای واجبێك وازلێبهێنن بۆ واجبێکی تر- بەمەرجێك بتوانن هەموویان جێبەجێ بکەن [٦] چونکە

---

[٦] خوێنەری بەڕێز پێویستە ئاگاداری ئەوە بیت کەئیمەی بڕوادار دەبێت هەوڵی ئەوە بدەین چەندەمان لەتوانادا هەبێت فەرمانەکان و سوننە تەکان جێ بەجێ بکەین، وەنابێت واجبێك واز لێ بهێنین و بڵێین ئەو واجبەی تر لەپێشترە تا ئەو نەکەم ئەمیش ناکەم، یان بڵێیت تا واجبەکان هەموو جێ بەجێ نەکەم سوننەتەکان جێبەجێ ناکەم، بەڵکو پێویستە لەسەرمان ئەوەی بۆمان ڕەخسا و بۆمان ئاسان بوو لە واجب و سوننەت جێبەجێیان بکەین و، بەهۆی کردنی کارێکەوە واز لە هەموو کارەکانی تر نەهێنین، وەك ئەم یاسایەی دەفەرموێت (مالا يدرك كله لا يترك جله) واتە : (ئەوەی هەموویمان پێ نەکرێت هەندێکیشی واز لێ ناهێنین) بەلاّم لێرەدا خاڵێکیتر هەیە پێویستە ئاگاداری بین ئەویش ئەوەیە، کە هەندێك جار ناچار دەبین سوننەتێك فەرامۆش بکەین لەبەر واجبێك یان لەبەر سونەتێکی گەورەتر، ئەمەش لەکاتێکدا کە جاری واهەیە هەندێك لە سوننەتەکان دەبێتە هۆی دروست بوونی کێشەو ئاشوب و ناکۆکی لەناو موسوڵماناندا، یان جاری واهەیە ناچار دەبیت چاو بنوقێنیت لەئاستی بیدعەیەکدا، چونکە ئەگەر هەوڵی لابردنی بیدعەیەك بدەیت دەبێتە هۆیەك کە چەندین بیدعەی گەورەتر بخرێتە جێگەی، یان بێ توانا بیت لە لابردنی چەندین خراپەی گەورەی وەکو هاوبەش پەیدا کردن، ئالەم کاتەدا جێی خۆیەتی فەرامۆش کردنی ئەو سوننەتە، یان بێدەنگ بوون لەو بیدعەیە، تا کاتێکی

هەموو واجب و سوننەتەكان لەلایەن خواوەیە و، پێغەمبەرەكەی (ﷺ) ڕای گەیاندووە و نەتەوەكەی جیل لەدوای جیل گەیاندویانە، بەڵام غەیری ئەوان دین دابەش دەكەن بۆ توێكڵ و كاكڵ، وە خۆزگایە لەم دابەش كردنەشیان بیانزانیایە كامە توێكڵە و كامە كاكڵە تۆزێك دەردەكەمان كەمتر دەبوو، بەڵكو زۆر جار بانگەواز كردن بۆ یەكتاپەرستی و دوور خستنەوەی خەڵكی لە هاوبەش پەیدا كردن و داهێنراوەكان بەو توێكڵە دەزانن كە پێویستیان پێی نییە! [٧] یان دەڵێن ئەمە جیاوازی دەخاتە ناو نەتەوەی ئیسلامیەوە ، خۆ ئەگەر دانمان بەم دابەشكردنەشدا نا (ئەوسا دەپرسین و دەڵێین:) ئەی باشە كەی ناووك پارێزراو دەبێت ئەگەر توێكڵی پێوە نەبێت ؟!!

(١٣) ئەهلی سوننە : بەروو بوومی كۆششەكانیان كەگونجاوە لەگەڵ قورئان و فەرمودەدا بەكەم و وسستی نازانن، چونكە دەزانن كە پەروەردگار فەرمانی بەكار كردن پێ كردوون، ئیتر سەركەوتن و بەروو بووم، ئەوە پەروەردگار خۆی كە فیلی دەكات، بەڵام غەیری ئەوان دەڵێن ئەمە چەند ساڵێكە ئیمە كاردەكەین وهیچ شتێكمان بەدەست نەهێناوە،وەتوشی بێ هیوایی دەبن، بۆیە پەنا دەبەنە بەر چەند ڕێبازێكی خوارو خێچ و،دوور لەڕاستی بەمە قوڕەكە زیاتر شل دەبێتەوە (یزید الطین بلة)، ئەمەش هەمووی لەبەر ئەوەیە كە(ئەمانە) بڵاو بوونەوەی سوننەت ومراندنی داهێنراوەكان بەسەركەوتن نازانن، بەڵكو سەركەوتن لای ئەوان تەنها گەیشتنە بەكورسی!

(١٤)ئەهلی سوننە پێیان وایە كەجیهاد كردن لەپێناوی خوادا گەورەترین كردەوە یە، بەڵام جیهادیش تەنها كورت هەڵ

---

گونجاوتر دەڕەخسێت بۆ چارەسەركردنیان. ئەمەش بۆ چونی زانایانی ئەهلی سوننەیە، لەوانەش ئیمامی (إبن تيمة).

[٧] - بەڵێ شوێن كەوتەی داهێنراوەكان و حیزبەكان، تانە دەدەن لە شوێن كەوتوانی ڕێبازی پێشین،بەوەی كەخۆیان بەچەند شتێكی لاوەكییەوە خەریك كردووەو، ئەوانەی ئەوان بانگەوازی بۆ دەكەن وەك توێكڵ وایە، كە هیچ سودێك ناگەیەنێت، بەڵكو ئێمە دەبێت هەوڵ بۆ ناوكەكەی بدەین و توێكڵەكەی فڕێ بدەین !!

ئەوەی شوێن كەوتوانی پێشین گرنگی پێ دەدەن و بانگەوازی بۆ دەكەن، بریتییە لە یەكتاپەرستی و نەهێشتنی هاوبەش پەیدا كردن وەزیندو كردنەوەی سوننەت و مراندنی داهێنراوەكان. جا ئەگەر ئەمە توێكڵ بێت، دەبێت كاكڵەكەی چی بێت ؟!، دیارە ناوكەكەی بریتییە لە هونەری گۆرانیو مۆسیقاو شانۆ و تەمسیلی، بۆیە وا هەوڵ بۆ ناوكەكەی دەدەن و توێكڵەكەی فڕێ دەدەن.

نەهێنراوەتەوە لە سەر چەکداری، بەڵکو بانگەوازکردن بۆلای خوا لەم ڕۆژگارەدا گەورەترین و بەسوودترین شێوازی جیهادە وە پێیان وایە کە جیهادکردن بە چەك چەند مەرج و پاراستنی خۆی هەیە،کە پێویستە تیایدا بگەڕێتەوە بۆ ئەحکامە شەرعیەکان و فتوای زانایانی ئەم نەتەوەیە،بەلاَم غەیری ئەوان زۆر جار هەندێك لە موسوڵمانان دەکوژن، وە دەزگایەك یان کۆشکێك یان شتێکی تر لەمانە دەتەقێننەوەو بەجیهادی دەزانن، بەلاَم زانایانی ئەهلی سوننە ئەمە بە ئاشوب دەزانن وتکۆڵی لە هەڵگیرساندنی ئاشوبە لەناو موسوڵمانان و وولاَتانی ئیسلامیدا دەکەن، بەڵکو تەنانەت پێیان وایە کە جەنگین لەگەڵ بێ بڕوایانیشدا پێویستە مەرجەکانی بێتە دی و بەربەستەکانی نەمێنێت .

(والحمد لله رب العالمين)